# ئەفلۆتین: نۆنۆییەکان

## (دەربارەی گەوهەری دەروون)

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی ئاداب)
( ١- ٢ )

١٨- ئایا دەروون بیری کردووەتەوە و ورد بووەتەوە پێش ئەوەی چووبێتە بەر لە شەوە و دوای دەرچوون لێوەی؟ دەروون پەنا دەباتە بەر وردبوونەوە لە بارەگاکەی ئێستایدا ئەگەر هاتو نیگەران و سەرقاڵ و دووچاری لاوازی نەبێت؟ پێداویستیی وردبوونەوە و بیرکردنەوە لە کەموکورتی ژێر (گیانەوە) دەکەوێتەوە کە ناتوانێ بۆ خۆی، پشت بە خۆی ببەستێ! بە تەواوەتی وەک سنعاتکار و هونەرمەند کاتێک بیردەکەنەوە کە کارەکەیان لێیان سەخت و گران ببێ و بە دەستییەوە بحەپەسێن.

ئەگەر ئەو سەختییە نەما، کارەکە بەباشی بەرەوپێش دەڕوات، بەڵام ئەگەر دەروونەکان لە جیهانی بەرزدا (سەروو) ژیرانە بیرنەکەنەوە، چۆن ژیرەکی دەبن؟ چونکە ئەوان، مرۆڤ حەز بکات بڵێ: ئەگەر ڕەوش و هەلومەرجەکان لەباربوون، ئەوان کۆششی توێژینەوەی ژیرەکی دەکەن و دەچنەوە سەر بنەوان. ئەوکاتە بیرکردنەوەکە بەو واتایە بێ کە بەکارمان هێنا. ئەگەر مەبەست لەو وردبوونەوە و بیرکردنەوەیە ڕەوشێک بێ گیان دایدەهێنێ، ئەوە لە دەروونەکاندا کارێکی جێگیر دەکرێ وەک ئەوەی گیان تێیاندا دەربکەوێ، ئیتر ئەوان لە جیهانی ژێر- گیانیشدا هەر ورد دەبنەوە.


من لەو باوەڕەدام نابێ مرۆڤ وای بۆ بچێ کە دەروونەکان ئەوەندەی لە جیهانی

ژیرەکیدان و لە ئاسمان لەشیان هەیە، وشەی زمان بەکاربهێنن. نابێ لەوێ ئەوە هەبێ کە دەروونەکان لێرە بەهۆی کەموکووڕیی و گومانەوە لەگەڵ یەکتری دەدوێن.

دەروونەکان کە بەڕێکوپێکی کارەکانیان دەکەن، سروشت ئاسا هیچ فرمان و ئامۆژگارییەک ئاراستەیان ناکات. ئەوان پتر ئەرکی سەرشانیان بەرانبەر یەکتری بەبۆ هاتن پەی پێ دەبەن. ئێمە لە بارەی ئەوانەوە کە بێدەنگن، شت بەهۆی تەماشاکردنەوە دەزانین، کەچی لەوێ هەموو لەشێک بێگەردە هەر کامێک لەوان وەک چاوە، هیچ شتێک شاردراوە نییە، یان دانەپۆشراوە، بەڵکوو هەموو شتێک ڕاستەوخۆ دەبینێ، بەبێ ئەوەی بەقسە دەریببڕێ، جنۆکە و دەروونەکان کە لە نێوان هەوادا بڵاوبوونەتەوە، زمان بەکاردەهێنن، ئەوانە بوونەوەری زیندوون.

١٩ - ئایا بەشی دابەش نەبوو و بەشی دابەش بوو لە دەرووندا یەک جێگەیان هەیە وەک ئەوەی تێکەڵاو بووبن؟ یان ئەو بەشەی دابەش نەبووە بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی دابەش بووە سەر بە دەروونە و پێوەندییەکەشی پێوە بەجۆرێکی جیایە لەوەی دیکە، هەروەک ئەوەی دابەش بووە کە لەپاش دابەش نەبووە بێت؟. ئایا ئەوان دوو بەشی جیاوازی دەروونن، بەو واتایەی کە دەگوترێ بەشێک ژیرەکی و بەشەکەی تری ژیرەکی نییە، ئەمە کاتێک دەزانرێ ئەگەر پەی بەوە برا مەبەست لە هەردوو لایەنەکە چی بێت.

ئەفلاتوون سەرپێی باسی دابەش نەبووی کردووە، بەڵام ئەو نەیگوتووە کە ئەو دابەش بووە، بەڵکوو (بەدابەشبوونی لەش ئەویش دابەش دەبێ)، کەوابوو ئیتر دەبێ ببینین سروشتی لەش پێویستی بە چ دەروونێک



ئەفلۆتین

هەیە بۆ ئەوەی بژی و چ بەشێک لە دەروون پێویستە لە کۆی تێکڕای لەشدا بوونی هەبێ، ئەوکاتە ئەمە وا دەگەیەنێ کە ئەو دابەش دەبێ، چونکە ئەگەر لە هەموو جێگەیەکی لەشدا بوونی هەبوو، ئیتر دەبێ تەماشا بکەین سروشتی لەش بۆ ئەوەی بژی، پێویستی بە چ دەروونێک هەیە و چ بەشێک لە دەروون دەبێ و پێویستە لە هەموو بەشێکی کۆی لەشدا هەبێ. لەبەر ئەوەی توانایی هەست کردن لە کۆی بەشەکانی لەشدا بەتەواوەتی کاری خۆی دەکات و دەکرێ بگوترێ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئەو لە ڕەوشی دابەش بووندایە، بۆیە لە هەموو جێگەیەکدا بەدەردەکەوێ، دەکرێ بگوترێ دابەش بووە، بەڵام ئەگەر بەتێکڕایی سەرجەم لە گشت ئەندامێکی لەشدا بە تەواوەتی بەدەربکەوێ، ناکرێ بە هیچ جۆرێک بگوترێ ئەو دابەش بووە، بگرە ئەو بە دابەشبوونی لەشەکان، دابەش بووە. دوور نییە بگوترێ ئەو

له گشت هەستەکاندا دابەش نابێ، بەڵکوو تەنیا هەر بەدەست لێدان دابەش بووە. لەو بارەیەوە دەبێ بگوترێ: ئەو جۆرە پارچە پارچەبوونە لە هەستەکانی دیکەشدا هەیە، چونکە لەش لەو هەستانەدا بەشداری دەکات، بۆیە دەبێ ئەوانیش دابەش ببن، ئەگەرچی ئەو دابەشبوونە لە هەستەکانی تردا کەمترە لەوەی دەست لێدان، بەهەمان شێوە هێزی ڕووەک و هێزی گەشەکردن دەگرێتەوە. ئەگەر هێزی شەهوانیەت لە جگەردا و ئەوی دیکە لە دڵدابێ، ئەو قسەیە بۆ ئەوانیش ڕاستە، بەڵام دوور نییە کە لەش ئەو دوو هێزەی بەو تێکەڵییە بۆ نەیەت، دوور نییە بێگومان بە جۆرێکی دیکە بۆی بێن، ئەوان لەو شتانەوە دێن کە پێشتر لە دەروونەوە کەوتوونەتەوە و ئەنجامی شتێکن.

بیرکردنەوەی ژیرانە و ژیر (گیان) ناچنە ناو لەشەوە و پێوەندی پێوە ناکەن، چالاکی و کارەکەیان بە ئەندامی لەش ناکرێ، بگرە ئەگەر لە توێژینەوە و سەرنجداندا پەنا بەرینە بەر لەش، ئەوا لەش دەبێ بە کۆسپ و تەگەرە لەبەر دەمدا، هەر یەکێک لەوان، دابەش بوو، دابەش نەبوو، جۆرێکی جیاوازن نەک وەک ئەوەی تێکەڵی یەکتری بووبن، بەڵکوو وەک کۆیەکن کە لە پارچە پێکهاتبن و بەپێی هێز و توانستەوە هەر یەکەیان بێگەردن و ناکرێ تێکەڵ ببن و بوونەوەرێکیان لێ پێک بێت، لە دوو بەشی جیاواز لە یەکتری پێک هاتوون. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەدابەشبوونی لەش دابەش بووە، ئەگەر وابوو کە دابەشبوونەکەی بەهۆی هێزێکی سەرووەوە نەبووبێ، ئەوکاتە دەگونجێ ئەو هەروەک خۆی بێ و دابەش نەبێ و لەیەک کاتدا دابەشیش ببێ. هەروەک ئەوەی تێکەڵییەک بێ لەوە پێکهاتبێ دابەش بوو بێ بەهۆی ئەو هێزەی سەرووەوە کە بۆی هاتووە تا پێی گەیشتووە.

٢٠- ئایا ئەو بەشانەی کە بە هێزەکانی دەروون ناو دەبرێن، جێگەی تایبەتییان هەیە تێیدابن؟ یان دەکرێ بگوترێ هەندێکیان لە جێگەدانین و هەندێکی دیکەیان لە جێگەدان؟ یان گشتیان لە جێگەدا نین، ئەمە پێویستە لەسەرمان بیزانین، ئەگەر ئێمە جێگەی هەموو بەشەکانی دەروون دیاری نەکەین و لە دەرەوە و لەناوەوە دایان نەنێین، ئەوە دەگەیەنێ کە لەشەکان بەبێ دەروون دەهێڵینەوە، ئەوکاتە دەپرسین چۆن چالاکییەکانی دەروون ڕوو دەدەن کە بەهۆی ئەندامانی لەشەوە دەکرێن. خۆ ئەگەر بڵێین تەنیا هەر بەشی دیاریکراوی دەروون جێگەیان هەیە، وا دەردەکەوێ کە ئێمە ئەوانەی جێگەیان پێ نادەین لە ئێمەدا ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی بڵێین:

دەروونمان لە ئێمەدا نییە! ئەوکاتە بە ڕەهایی ئیتر دەڵێین: ناکرێ بەشێک لە دەروون، یان گشت دەروون لە لەشدا بێ، بەو واتایەی لە جێگەدابێ! جێگە ئەوەیە شت دەگرێتەخۆ، بگرە لەش دەگرێتەخۆ وەک چێوە! ئەو کاتە لەش بوونی دەبێ کە گشت بەشەکانی هەبووبن، چونکە ناکرێ لەش بە هەموویەوە لە یەک خاڵدا جێگیر بێ، بەڵام دەروون لەش نییە، شتیش ناگرێتە خۆ وەک گرتنەخۆ، بەڵکوو دەبێ بگیرێتە خۆ. ئەو بەو جۆرە لە لەشدا نییە وەک ئەوەی لە دەفرێکدا بێت، ئەگەر وا بوایە لەش بەبێ دەروون دەبوو. ئەگەر دەروون لەوەدا خۆی لە خۆیدا کۆیەک نەبێ و وردە وردە نەکشێتە ناو لەش و نەیکات بە زیندوو، ئەوە ئەوەی دەفرەکە وەری دەگرێ، ئەوەندەیە

کە دەروون لە دەستی دەدات. جێگە لە خۆیدا نا ماددییە و لەش نییە! ئیتر بۆچی پێویستی بە دەروون هەیە؟ ئەگەر ئەمە وابێ، ئەوە دەورویشتی لەش نەک لەش خۆی لە دەروون نزیک دەبنەوە.

دەکرێ زۆر شتی دیکە بگوترێ کە دەبنە ڕێگر لەوەی کە دەروون لە لەشدا وەک لە جێگەدابێ وایە. ئەگەر ئەمە وابایە، جێگەکەش لە گەڵیدا هەڵدەگیرا و دەبزووتەوە، ئەگەر ئەو جووڵابایەوە. ئەگەر وای دابنێین کە جێگە مەسافەیە، ئەوە دەبوو بگوترێ ئەو لە لەشدا نییە، بەواتای ئەوەی لە جێگەدا بێ! چونکە مەسافە دەبێ بۆش و بەتاڵ بێ، بەڵام لەش بۆش و بەتاڵ نییە، بگرە بۆش ئەوەیە کە لەشی تێدایە، ئەوکاتە لەش خۆی لە بۆشاییدا دەبوو، هەروەها دەروون بەو جۆرە لە لەشدا نەدەبوو وەک بارێک لەسەر بنەیەک (بنەمایەک)، چونکە بار لەو ڕەوشەدا دەبێ بە دۆخێکی ئەو بنەمایە، وەک ڕەنگ و ڕوخسار (فۆرم) و دەروون شتێکە سەربەخۆیە و لە لەش جیا دەبێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە دەروون لە لەشدا بەشێک نییە لە تێکڕای لەش، نەپارچەیەکە لە کۆی گشتی. ئەگەر یەکێک بڵێ: ئەو پارچەیەکە لە سەرجەم ئۆرگانی (ئەندامی) زیندوو، هەر ئەو سەختییە دەمێنێتەوە و کێشەکە لە ئارادا دەبێ، ئیتر بە چ شێوازێک ئەو لە تێکڕای کۆیە هەمەکییەکەدا دەبێ. ئەو بەو جۆرە لە لەشدا نییە وەک چۆن شەراب لە دەببەدایە، یان بەو شێوازەی کە دەببەکە، یان شتێکی دیکە لە خۆیدابێ، هەروەها بەشێک نییە لە بەشەکانی لەش و تێکڕای کۆیەکە لەبەشەکانی لەشدا بێ دەروون لە لەشدا بەو جۆرە نییە کە کۆ لەبەشەکاندا بێ، ئیتر دەبێتە مایەی پێکەنین

ئەگەر بگوترێ دەروون کۆیە گشتییەکەیە و لەشیش بەشەکانیەتی! هەروەها ناکرێ بگوترێ ئەو وەک فۆرم وایە لە هەیوڵادا، چونکە فۆرم لە هەیوڵا (لە کەرەستەی خاو) جیا نابێتەوە، بەڵکوو لە دوای هەیوڵاوە دێ و لەشیش لە پێشیەوەیە.

دەروونیش خۆی فۆرم بە هەیوڵا دەبەخشێ، کەوابوو ئەو فۆرم نییە، خۆ ئەگەر بگوترێ فۆرم شتێک نییە لە هەیوڵادا پەیدا ببێ، بەڵکوو بابەتێکی جیا و جیابووەوەیە! ئیتر نازانرێ چۆن ئەو فۆرمە لە لەشدا بوونی دەبێ؟ ئیتر چۆن دەگوترێ: دەروون لە لەشدایە؟ لە کاتێکدا دەروون نادیترێ! بەڵام ئەگەر لەشمان بینی، ئەوە پەی بەوە دەبەین کە دەروونی هەیە، چونکە دەبزوێ و دەجووڵێتەوە و هەستی پێ دەکرێ، بۆیە دەڵێن دەروونی هەیە! ئەوجا گوتن بەوەی دەروون لە لەشدایە، گوتە و قسەیە و ئەو ئەنجامەی لێکەوتووەتەوە. کەمترین شت کە لێرەدا بگوترێ ئێمە دەروون نابینین و هەست بە بوونی ناکەین کە ژیان لە کۆی گشتیدا هەیە، لە هەموو بەشەکانی لەشدا بڵاوبووەتەوە، ئەگەر وابایە، نەماندەگوت دەروون لە لەشدایە، بەڵکوو دەگوترا لەش ڕووکەشە و لە بنەمایەکدا و دەروون بنەما بنەڕەتییەکەیە، لەش لە جێگەدایە و دەگوترێ، کەچی ئەو جێگیر و هەمیشەییە.

٢١- ئیتر چی؟ ئەگەر بپرسرێ چۆن دەروون لە لەشدایە و پرسیارکاریش خۆی وەڵام و چارەسەرێکی پێ نەبێ و دەبێ وەڵاممان چی بێ؟ ئایا هەمووی بەهەمان شێواز تێیدا دەبێ، یان گشت بەشەکانی بەشێوەی جیاواز لە یەکتری تێیدا دەبن؟ ئەو بۆچوونەی قسەی لێ کرا دەربارەی جۆر و شێوازی بوونەکەی، وا

دەردەکەوێ کە بەسەر پێوەندی نێوان دەروون و لەشدا ناگونجێ و جێبەجێ ناکرێ! لەگەڵ ئەوەشدا گوتراوە ئەو لە لەشدا وەک کەشتییەوان وایە لە کەشتیدا، ئیتر دەربارەی جیابوونەوە و جیاوازی دەروون لە لەشدا بەوپەڕی باشی قسەی لێ کرا، بەڵام شێوازی یەکگرتنەکەیان کە کەرەستەی توێژینەوەکەیە باس نەکرا! ئیتر کەشتییەوان، بەرێککەوت، وەک نەفەر وایە لە لەشدا، بەڵام وەک کەشتییەوان چۆنە؟ کەشتییەوان لە گشت کەشتییەکەدا نییە وەک چۆن دەروون لە گشت لەشدایە! یان دەبێ بگوترێ ئەو وەک ئەو هونەرە وایە کە لە ئامرازەکاندا بەکار دێت، بۆ نموونە وەک پیشەی لێخوڕین؟ ئەگەر ئەویش دەروونی هەبووایە، کاری کەشتییەوانەکە هەر وەک لە ناخی ناوەوەیدا بوایە، وا دەبوو، ئەوە لە خۆیەوە دەکەوتە جووڵە، چۆن کەشتییەوان لە پیشەکەیدا کارا دەبێ؟ ئەگەر ئەمە وابووایە، ئەوە هەردوو دۆخ و ڕەوشەکە ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازن، لەبەرئەوەی هونەری پیشە- سنعاتەکە هەمیشە لە دەرەوەی ئامرازەکەدا دەمێنێتەوە، لەوێوە دێت. بەپێی ئەو نموونەیە با وای دابنێین دەروون بە پێی کەشتییەوانەکە لە ناخی ناوەوەی لێخوڕینەکەدایە (سوکانەکەدایە) بوونی دەروون (جێگەکەی) لە لەشدا وەک بوونی کەشتییەوانەکەیە لە ئامرازە سروشتییەکەیدا، ئیتر دەیبزوێنێ بە پێی خواستی خۆی و چۆن بیەوێ!

ئایا ئەمە لە چارەسەر و یەکلاییکردنەوەی نزیکی کردووینەتەوە؟ نەخێر! هەتا ئێستا نازانی ئامادەیی و بوونی لە ئامرازەکەدا چۆنە؟ ئەگەرچی شێوازی ئەو یەکگرتنە لەوەی پێشووتری جیاوازە، بەڵام هەر بەنیازی پەردەلادانین لەسەر ڕاستی (هەقیقەت)، یان دەمانەوێ پتر لە پرسیارە کێشەکە نزیک ببینەوە! لێی بچینە دەرەوە و لە چارەسەرەکە نزیک بین.

٢٢- ئایا دەکرێ بگوترێ، ئەگەر دەروون لە لەشدا بوو، وەک تیشک وایە لە هەوادا؟ بەڵام ئەو بوونەی لەوێ، لەوێدا نییە، هەروەها پێیدا تێدەپەڕێ، بەڵام تێکەڵاوی نابێ و بەجێگیری دەمێنێتەوە، بەڵام هەواگیر نابێ! کاتێک هەوا ئەو جێگەیە بەجێ دەهێڵێ کە تیشک ڕووناکی کردووەتەوە، بەجێی دەهێڵێ بەبێ ئەوەی هیچی لێ گل بداتەوە، ئیتر ڕاستتر ئەوەیە بڵێین هەوا لە تیشکدایە، نەک تیشک لە هەوادایە، ئەفلاتوون ڕاستی کردووە کە دەروونی نەخستووەتە لەشی گەردوونەوە، بەڵکوو لەشەکەی خستووەتە دەروونەوە، هەروەها کاتێک گوتوویەتی، لە بەشێکی دەرووندا لەش هەیە و لە بەشێکی دیکەیدا لەش نییە، ئەوەی کە لەش پێویستی پێی نییە. ئەو قسەیە بۆ دەروونەکانی دیکەش هەروایە و ڕاستە، بۆیە دەبێ بگوترێ تەنیا ئەو هێزانەی دەروون لە لەشدا کە لەش پێویستی پێیانە، خۆ ئەگەر ئەو هێزانە لە ئارادا بوون، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لە بەشەکانی لەش، یان لەگشت لەشدا جێگیرن. هێزی هەستکردن لە هەموو ئەو بەشانەدا بوونی هەیە کە هەست دەکەن. ئەو ئەندامەی ئەو هێزەی دەچێتە ناویەوە بەپێی جیاوازی ئەو ئەرکەی جێبەجێی دەکات، جیاواز دەبێ. مەبەستم ئەوەیە:

٢٣- ئەو لەشەی دەروونی هەیە، بە دەروون ڕووناک دەکرێتەوە و بەشێکی لەوەوە وەردەگرێ، بەو جۆرە کە بەپێی بەشەکان و پێ بڕانەکە جیاواز دەبێ. دەروون بەهەر ئەندامە ئەو توانایی و هێزە دەبەخشێ ئەوەندەی ئەو ئەرکە بێ کە بکارێ جێبەجێی بکات، بەو پێیە ئێمە هێزی چاو بەهێزی دیتن دادەنێین، ئەوی لە

گوێدایە بەبیستن، زمانیش بۆ چێژتنە، بۆن بە لووت (کەپوو) دەبێ، هەستی دەست لێدان هی سەرتاپای لەشە. لەو بۆچوونەوە تێکڕای لەش وەک ئۆرگانێک (ئەندام) خزمەتی دەروون دەکات، بۆیە ئۆرگانە شت وەرگرەکان و هەست لە دەمارە سەرەتاییەکاندا و هێز و توانایی جووڵاندنەوەی بوونەوەری زیندوویان هەیە، لێرەوە ئەو هێزە خۆی دەنوێنێ، لەبەرئەوەی دەستپێکی دەمارەکان مێشکە، بۆیە مێشک بە بنەمای هەست کردن و ئارەزوو و دەستپێشخەری دادەنرێ، بگرە بەتێکڕایی هی بوونەوەری زیندووشە.

لە دەستپێکی سەرەتای ئۆرگانەکانەوە ئەو هێزە هەیە کە بەگەڕیان دەخات، بەڵام باشتر وابوو بگوترێ: لەوێ سەرەتای چالاکی ئەو هێزە هەیە، کە دەبێ ئۆرگانەکە ببزوێنرێ، ئیتر هێزی وەستا (هونەرمەند) بۆ بەڕێوەبردنی ئامرازێکی دیاریکراو لە خاڵی سەرەتای بزووتنەوەی ئامرازەکەدا چڕوخەست دەبێتەوە، باشتریش وایە بگوترێ هێزی وەستایەکە (دروستکارەکە)یە، چونکە هێز لە گشت جێگەیەک لە ئامرازەکەوە پەیدا دەبێ، ئەوجا دەروون توانایی هێزی هەست کردن و حەز و ئارەزوو دەستپێشخەری هەیە، چونکە دەکارێ بەپێی سروشتەکەی هەست وێنا بکات و بۆچوونی هەبێ، لەسەروو ئەو تواناییانەشەوە تەنیا هەر ژیر هەیە.

لایەنی ژێرەوەی ژیر نزیکە لە بەشی سەرەوەی ئەو هێزانە، هەر لەبەرئەوەیە کە پێشینان ئەو هێزانەیان لەبەشی سەرەوەی بوونەوەری زیندوو داناوە، لەسەریدا، بەڵام نەک بەتەواوەتی لە مێشکیدا، بەڵکوو لەو بەشە هەستیارەی کە بە سایەیەوە هەست لە مێشکدا هەیە، بۆیە دەبێ ئەو هێزانە بەو بەشەی لەش بدرێن کە توانایی پەسەندکردن و چوونە ژێرباری کردارەکانیانی هەیە، بەڵام ژیر کە هەرگیز بە لەشەوە پەیوەست نییە، دەبێ پێوەندی بەو هێزانەوە هەبێ کە فۆرم و وێنەی دەروونن. سەرەڕای ئەمەش ئەو هێزانە دەتوانن شت لە ژیرەوە وەربگرن.

هێزی هەستکردن پەی پێ بردنی هەیە و ئەندێشە هێزێکی نیمچە ژیرییە، حەز و ئارەزوو و مەیل پابەند و ملکەچی ئەندێشە و ژیرن، کەوابوو دەروون کە سروشتێکی ژیرەکی هەیە، بەواتای جێگە لەسەردا نییە، بەڵکوو بەو جۆرە لە مێشکدایە کە هێزی (سەر) بەشدارە لەگەڵیدا، ئیتر ڕوونمان کردەوە بە چ جۆرێک هێزی هەستکردن لە مێشک (سەردایە).

هێزی ڕووەک (نەباتی) کە هێزی گەشەکردن و خۆراکە لە هیچ بەشێکی لەش دوور نییە، بەڵام لەبەرئەوەی خوێن لە دەمارەکاندایە، چونکە خاڵی سەرەتای دەمارەکانی خوێن جەرگە (جگەرە)، بۆیە جگەر کراوە بە مەڵبەند و چەقی ئەو هێزانە، هەروەها هەر لەوێدا ناوەندی هێزی شەهوانیەت دیاری کراوە، چونکە ئەوەی لێوەی پەیدا دەبن و خۆراک دەبەخشێ و مایەی گەشەکردنە لە مەڵبەندی شەهوانیەت بەولاوە نییە. لە کۆتاییدا لەبەرئەوەی خوێن کە ڕوون و پاک و سووک و خاوێن و چالاک دەبێ، بۆیە دەبێ بە ئامرازێکی گونجاوی هێزی قەڵس و تووڕەبوون، هەروەها دڵ کە سەرچاوەی هەناردەکردنی ئەو خوێنەیە، ناوەندێکی گونجاوی هەڵچوونی تووڕەیی و قەڵس بوونە.

٢٤- ئایا دەروون لە کوێ دەمێنێتەوە ئەگەر لە لەش جیابووەوە. ناتوانێ لەم جیهانەدا بمێنێتەوە، چونکە شتێک نییە بیگرێتە خۆی و وەری بگرێ! هەروەها ناتوانێ لەلای ئەوە بمێنێتەوە کە بەپێی

سروشـتەکەی توانایـی وەرگرتنـی نییـە، تەنیا ئـەو جۆرە نەبێ کە شتێکی لەو تێدا مابێ و ڕادەکێشێ کـە بیداتـەوە لـە دۆخێکدا بوورابێتـەوە و لەهـۆش خـۆی چووبـێ، یـان دەچێتـە لەشـێکی دیکـەوە کـە دەستی بیگاتـێ. جیـاوازی نێوان دەروون و یەکێکـی دیکـە بەپێـی ئـارەزوو و مەیلەکانـی ناخـی نـاوەوە دەبێ و لەگـەڵ دادی ڕەببانـی کـە گشـت شـتێکی گرتووەتـەوە. هیـچ کامێـک بەهـۆی کرداری نابەجێ و نـاڕەواوە لـە سزادان ڕزگاری نابێ، کـە دەبێ بچێتـە ژێـر باریـەوە، بڕیـار (قـەزای) ڕەببانـی قوتاربوونـی لـێ نییـە و لەخۆیـدا ئـەو تواناییـەی هەیـە کـە قەزاکـەی پیـادە و جێبەجـێ بـکات، ئیتـر بـەدکار بەدکارییەکانـی دەبـن بـە بـار بەسـەر شـانییەوە بەبێ ئـەوەی هەستیان پـێ بـکات، تـا دەگاتـە ئـەو کات و جێگەیـەی سـزای خـۆی پـێ دەبـڕێ! ئیتـر زەبـوون و دامـاو و شـپرزە بـەم لاو ئـەو لادا دەڕوا و سـەرگەردان تەکان دەدات، دوای گەشـتێکی بەردەوام و بەربەرەکانییەکـی بـێ هیـوا و بـێ ئومێدانـە لـەو جێگەیـەی بـۆی دانرابـوو، دێتـە خوارتـر (نزمتـر)، ناچـار دەبـێ بـەو چارەنووسـە ڕازی بـێ کـە هیـچ دەسـەڵاتێکی بـە سـەردا ناشـکێ کـە ئەنجامـی ئـەو کردارانەیەتـی کـە بـە ئـازادی کردوونـی.

قانوونـی ڕەببانـی مـاوە و کاتـی سزادانەکە دیـار و دەستنیشـان دەکات، ئەگـەر سزادانەکە کۆتایـی هات، بەپێـی ئـەو ڕێکوپێکییـە و هاوئاهەنگـی و هارمۆنییەی گشـت شـتێک دەگرنەوە، دەتوانێ جێگەی سزادانەکەی بەجـێ بهێڵـێ. بوونـەوەر دەبـێ لەشـی هەبـێ بـۆ ئـەوەی هەست بەسزادانە لەشییەکەی بکات، بـەڵام دەروونـە پـاک و بێگـەردەکان، لەشـەکان بـۆ لای خۆیـان ڕایـان ناکێشـن، چونکـە ناکـرێ دەروونـی لەشـێکی دیاریکـراو بـن. لەبەرئـەوەی دەروون لـە هیـچ جێگەیەکـی لەشدا نییـە و پێوەندییـان پێـوەی نییـە و خۆشـیان لەشـیان نییـە، بۆیـە جێگەیـان لـەوێ دەبـێ کـە گەوهـەر و بوونـەوەر و ڕەببانیەتـی لێیـە، ئـەو لـە ڕەببانیەتدایـە. لـەوێ دەبـێ لەگـەڵ ئـەوان و لەڕەببانیەتـدا، خـۆ ئەگـەر دواتـر بپرسـرێ: ئـەوان کـوان و لـە کێندەرێـن؟ لەوەڵامـدا دەگوتـرێ: دەبـێ سـۆراخی ئـەوە بکـرێ بوونـەوەرە گیانییـەکان لـە کوێـن؟ ئیتـر بـە چـاو و تەماشـاکردن بـە دوایانـدا مەگـەڕێ وەک چـۆن بـەدوای لەشـەکاندا دەگەڕێـی.

٢٥ – دەربـارەی یـاد و وەبیرهاتنـەوە: ئایـا دەروونەکان کە جیهانی سەر زەوی بە جێ دەهێڵن، شـتیان لەبیـر دەمێنـێ و بیریـان دەکەوێتـەوە؟ یـان هەندێـک لـە دەروونـەکان ئەمەیـان لەبیـر دەمێنێتـەوە؟ لـەو ڕەوشـەی دواییـدا، ئایا دەروون گشـت شـتێکی لەبیـر دەمێنـێ، یـان هـەر هەندێـک شـت وەبیـر دێتـەوە؟